**بۆکان لە مێژوودا (٣٠٢)** **ئەنوەر سوڵتانی**

# شیعرێکی فارسی "شێخ بابا"

شێخ بابا سەعیدی غەوساباد هاوڕێ لەگەڵ حەمەحوسێن خانی سەردار موکری، سەیفەددین خانی سەقز و حەمەخانی بانە لە یەکەمین ڕۆژەکانی هێرشی سوپای داگیرکەری عوسمانی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئازەربایجانی ئێران لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، بەتاوانی لایەنگری کردنی سوپای ڕووس، گیرا و ئیعدام کرا.[1]

شێخ بابا، کەسایەتییەکی ناوبەدەرەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی وئایینی ناوچەی موکریان و خەڵکی کەرێزەی گڵی ڕۆژئاوای شاری بۆکان بوو.

مامۆستا هەژار لە بەشی مەهابادی بەرەوموکریاندا دەڵێ:

*"گیانی خۆی داوە بەتۆ شێخ بابا*

*باوی شادی بوو ئەگەر ئەو مابا"*

لەپەراوێزی شیعرەکەشدا دەنووسێت:

*"شێخ بابا، شێخی غەوسابات بوە، سەرۆکی کۆمەڵێک بوە گفتیان لە ڕووسیای قەیسەری وەرگرتوە ئیسیقلال بدا بە کوردستان و ئەوانیش دژی تورکان شەڕ بکەن... تورکان بەو تومەتە، دەگەڵ حەمەحوسێن خانی سەردار و سەیفەدین خانی سەقزی ئیعدامیان کردوە."*[2]

لە گەڵێک سەرچاوەی دیکەشدا بە کورتی یادێکی لێکراوە و ئاماژەیەکی پێ کراوە؛ لەوانە، ئیبراهیم ئەفخەمی (پێشتر) و سەید محەممەدی سەمەدی، کە شێخ بابا بە "عارف و شاعیری گەورەی کورد" ناو دەبات.[3] بەڵام لە لیستەی ناوەکانی "تاریخ مشاهیر کرد" ی نەمر بابا مەردۆخ ڕۆحانیدا چاوم بە ناوی شێخ بابا سەعید نەکەوت، هیوادارم من هەڵەم کردبێت.

*****

پارچە شێعرێکی شێخ بابا لە کەشکۆڵی "حاجی میرزا محەممەدی سەقەتی" کوڕی حاجی سمایلی خاریجە ی مەهابادی و باپیرەی ڕێزدار فەتاحی کاویان دا تۆمار کراوە. کەشکۆڵەکە لەساڵانی دەوروبەری ١٣١٩ (١٩٤٠ ی زایینی) دا نووسراوەتەوە و بریتییە لە شیعری کوردی و فارسی زیاد لە ٤٧ شاعیری کورد و فارس.

---

[1] ئیعدامەکە لە مەراغە و بەگوێرەی ئیبراهیم ئەفخەمی ڕۆژی ٢٣ ی سەفەری ١٣٣٣ ی مانگی بووە [کە بە حیسابی من دەکاتە ١٩١٥/٠١/١١ ی زایینی]. بڕوانە ابراهیم افخمی، "تاریخ فرهنگ و ادب مکریان – بۆکان"، انتشارات محمدی، سقز، سال: ١٣٦٤(؟)، صفحه ٢١٣

[2] هەژار، *"بۆکوردستان"*، چاپی سێهەم، چاپی جەواهیری، تاران، ١٣٥٨ [١٩٧٩]، ل. ١١٥

[3] سید محمد صمدی، "نگاهی به تاریخ مهاباد"، انتشارات رهرو، مهاباد١٣٧٣، صفحه ٨٠

من لە ژمارە ٢ ی گۆڤاری ژین، چاپی بنکەی ژینی سلێمانیدا بابەتێکم بۆ ناساندنی کەشکۆڵەکە نووسی و لیستەیەکم لە ناوی شاعیران و شێعرەکانیان پێک هانی. لە لاپەڕە ٢١٧ شدا ئاماژەم بەم پارچە شێعرەی شێخ بابا سەعید کرد.[4]

ناوەرۆکی شیعرەکە عیرفانییە و لە هەموو ٩ فەردەکەیدا باس لە 'وحدت وجود' و 'یەکگرتنەوەی خالق و مەخلووق' کراوە. وێدەچێت شێخ بابا عارف و شاعیر هەردوکیان بووبێت

لە شێعرەکە دەردەکەوێت کە نازناوی شیعریی شێخ بابا هەمان ناوی خۆی واتە 'سەعید' بووە.

بە داخەوە لەبەر هەڵەیەکی زۆر کە کەوتۆتە نووسینەوەی شیعرەکە، ڕادەی هونەریی شاعیر و توانای شاعیرییەکەی لە هەڵسەنگاندن نایەت، بەڵام هەست دەکرێت کە یەکەمین ودوایین شیعری شاعیرەکە نەبووبێت لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی دەوڵەمەند و شێوازێکی ڕازاوەی هەیە. ئەگەر ئەم بۆچوونەی من ڕاست بێت، دەبێ شەهیدی نەمرمان شیعری دیکەشی گوتبێت.

لێرەدا، دەقی شیعرەکە دەهێنمەوە بەو هیوایەی کە شیعرەکانی دیکەی ئەو کەسایەتییە مەزنەی گەلی کورد گردوکۆ بکرێن و بڵاو ببنەوە. من ئاگاداری بەجێماو و خزم و کەس وکاری شێخ بابە سەعید نیم بەڵام هیوام ئەوەیە ئەگەر کەسانێک سەر بە بنەماڵەکەی هەبن و بیانەوێت شوێنی مەسەلەکە بگرن، لە داهاتوودا هەم زانیاری زیاترمان لەمەڕ ژیان و هەڵسووڕاویی سیاسی و حزبی ناوبراو دەست بکەوێت، هەم چاومان بە شیعرەکانی ڕوون ببێتەوە.

*****

سەبارەت بە شێعرەکە و نووسەرەوەی شیعرەکە، واتە نەمر حاجی میرزا محەممەدی سەقەتی، دەبێ ئاماژە بە یەک خاڵ بکەم: شیعرەکە پڕە لە هەڵەی نووسینەوە. ئەو ناتەواوییە داوێنی بەشی زۆری ناوەرۆکی کەشکۆڵەکەی گرتۆتەوە. وێدەچێت حاجی میرزا محەممەد زۆر لە کارەکە وورد نەبووبێتەوە و گوێی نەدابێتە ئەوەی هەڵە وپەڵە بکەوێتە نووسینەوەکانیەوە. ئەو کێشەیە تەنیا لەو شێعرانەدا دەبینرێن کە خاوەنی کەشکۆڵ خۆی نووسیونیەتەوە، بەڵام هەندێک لە شێعرەکان کە بە دەستخەتی جیاواز نووسراونەتەوە، کەم هەڵە تر و متمانە پێکراوترن.

من لە درێژەی ئەم یادداشتەدا، سەرەتا وێنەی ئەو لاپەڕەیەی کەشکۆڵەکە دەهێنمەوە کە شیعری شێخ بابای تێدا نووسراوەتەوە، بۆئەوەی خوێنەر لەگەڵ کاری حاجی میرزا دا ناسیاوی پەیدا بکات، ئینجا جارێکی دیکە دەینووسمەوە و هەوڵ دەدەم، بە گوێرەی توانا، هەڵەکانی ببڕم.

ئەوە وێنەی لاپەڕە ٣١ ی کەشکۆڵەکەیە:

---

[4] ژین، گۆڤاری بنکەی ژین بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی، ژمارە ٢، سلێمانی، ئەیلوولی ٢٠١٠، لل. ٢١٣ تا ٢٢٦



ئەوەش نووسینەوەی دەقەکە لە لایەن منەوە:

## کلام[5] شیخ بابا سعید

نوبهار گلشن وحدت دوباره [باز[6]] شد — بلبل معنی در این گلزار هم دمساز شد

بلبلان در هرطرف گلها بریزند[7] درچمن — زانکه در منقار ایشان نغمەها آغاز شد

شد ظهور گل از این گلشن بهر [ره] صدهزار — عندلیبان[8] آمد[ه] هرطرف[9] در پرواز [شد]

جشن و رقای[10] حقیقت بود در گلشن بهار — عید جان آمد، در ابر میلان(؟) باز شد[11]

شمس حق پرتو فکند، [12] عالم همه انوار گشت — سر برون[13] آرند و ......(؟) خباز شد

---

5 کام

6 ناز، ساز

7 سەبەبێکی زیادی هەیە

8 عندلبان

9 بۆ کێشی شیعرەکە هیچ چارەیەک نییە جگە لەوەی "طرف" بە سکونی /راء/ بخوێنینەوە

10 رقاصی (؟)

11 تاز شد

شد ظهور حق ....(؟) در اول شهر صیام　　　بر سر تخت حقیقت حالیا شهباز شد

بر سریر عرش دل، سلطان[14] روحانی نشست　　　بر همه عالم همیشه درک[15] رحمت باز شد

فرق پرگار[16] معانی شد به نقطه هم قرین　　　گفتگوی اول و آخر ....(؟) این راز شد

همچو پروانه به دور شمع میگردد "سعید"

برد جانش طیر ... (؟) پیوسته در پرواز شد

به داخەوە هەڵەیەکی زۆر لە دەستخەتەکەدا هەیە، هەروەها چەند شوێنێکیشیم بۆ نەخوێنراوەتەوە. تۆبڵێی نوسخەی شیعرەکە لە شوێنێک و لای کەسێکی دیکە نەبێت؟

یادی شەهیدی مەزنی کورد شێخ بابە سەعیدی غەوساباد زیندوو بێت!

---

12 فکنده

13 بیرون

14 سلطانی

15 " بڵێی ووشەی کوردی "دەرک" بە واتای دەرگا نەبێت؟

16 پرکاری